کرێکارانی جیهان یەکگرن !

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League
کومیتەی کوردستان
Committee of Kurdistan

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

ژمارەی 43 ڕەشەمەی 1386

بەرز و بەرێز بێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

لەم ژمارەیەدا . .

٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ...ل٢

چینی کرێکار و چاڵشەکانی سەر ڕێگای ... ل٥

بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی ..ل ١٠

تەرانەکەم بۆ چیاکان بە یادی ئەحمەد کایا. . ل١٣.



کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

# ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ، ڕۆژی خەبات دژی زوڵم و چەوسانەوە !

یەک سەدەی پێش ، لە ئاوا ڕۆژێکدا ژنانی نیویورک بە سازدانی گەورەترین خۆپیشاندانی سەدەی ڕابردوو ، دژی چەوساندنەوەی لە ڕادە بەدەر و کاری تاقەت پرۆکێنی ١٢ کاتژمێری و هەروەها بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان ، دەنگی خەباتگێرانە و پڕ خرۆشی خۆیان بە گوێ هەموو خەڵکی دونیا گەیاندن . ئەگەر چی داخوازیەکانی ئەوان لە هەمان قۆناخدا وەدی نەهات ، بەڵام سەرەتایەک بوو کە لە بەردەوام بوونی خۆیدا ، ئەم ڕۆژە مەزنەی کردە خاڵێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ژنانی جیهان . ژنانی خەباتگێری ئەمریکا توانیان لە درێژەی خەباتی خۆیان ، داخوازیەکانی ڕەوای خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری واتە میرات خۆری هەموو تکبەتەکانی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ، وەدەست بهێنن و ترس و دڵەراوکە بخەنە ناو دڵی سیستەمی ڕزیوی دەسەلاتدار .لە ساڵی ١٩١٠ی زائینی بە پێشنیاری کلارا زیتکین ( یەکێک لە مەزنترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەلمان ) و بۆ ڕێز دانان لە خەباتی قارەمانانەی ژنانی ئەمریکا لە ٨ی مارسی ١٩٠٤ی زائینی کە لە درێژەی خۆیدا لە جیهاندا بلاو بووەوە ، و داخوازیەکانی ئەوانی کردە داخوازی گشتی خەباتی ژنان لە سەرانسەری جیهان ، لە کونفرانسی نێونەتەوەیی ژنان لە کوپنهاک ، ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان لە خەبات بۆ ڕزگاری ڕاگەیاندرا و لەم ڕێکەوتە بە دوادا هەموو ژنانی جیهان بە سازدانی خۆپیشاندان ، مانگرتن ، و میتینگ لە سەرانسەری جیهان و بە هەر شێوەیکی مومکین ڕێز لەم ڕۆژە شکۆدارە دەگرن و خەباتی خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری و هەموو پاشماوەکان و ئاسەوارەکانی سیستەمەکانی کۆن و ڕزیو تووند دەکەنەوە و بەم شێوەیەدا نارەزایەتیەکانی خۆیان دژی بێ مافی نێویک لە کۆمەڵگا وەک یەکێک لە ڕەنگدانەوەکانی ڕوو بە مەرگی جیهانی سەرمایەداری نیشان دەدەن . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی نیشاندەری ریسوایی هەتا هەتایی بچووک ژمێردنی ژنان لە لایەن چینەکانی دەسەلاتدارە . لە هەمووی ئەم کۆمەڵگایانە ژنان لە بواری جێگا و شوێنی کۆمەلایەتی لە پلەی دووهەم دانراون و وەک مرۆڤێکی لاواز کە تەنیا دەتوانێ پەروەردە کردن و سەرپەرەشتی منداڵانی خۆی بە ئەستوو بگرێ ، چاوی لێ کراوە . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ئاوا کە نیشاندەری ئاڵوگۆری شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤەکانە ، بە هەمان شێوەیش نیشاندەری فراوان بوونی شێوەکانی بچووک ژمێردن و لە دوا ڕاگرتنی ژنانە . ئەگەر لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ژن

⟸



وەک مرۆڤێکی بێ مێشک و کۆیلەی هەتا هەتایی پیاو دەژمێردرا , لە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرەرای پەروەردە کردنی هێزی کاری هەرزان بۆ بازاری کاری سەرمایە , خۆیشیّ وەک هێزی کاری پاشکەوت چاوی لیّ دەکرێت . سیستەمی سەرمایەداری هەموو بچووک ژمێردنەکانی مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی لە بچووک ژمێردنی ژن لە گۆرەپانی بەرهەم هێنان و بە دانی حەق دەستی کەمتر و پێک هێنانی نابەرانبەری تەنانەت لە دانی لانی کەمی دەس رەنجی ئەوانیش نیشان دەدات و لە بەرانبەر کاری یەکسان و بەرانبەر لە گەڵ پیاوان , حەق دەستی کەمتر بە ژنان دەدات . ئەگەر تایبەتمەندی ژنان لە کۆمەڵگاکانی پێش لە سەرمایەداری , دیل بوونی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی کاری ناو ماڵ و دابەزینی ژن تاکو پلەی بەرهەم هێنەری نەسڵی مرۆڤ بوو , بە گەشە کردنی تەکنیک و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای بورژوایی , ژنان سەرەرای دیل بوون , هەروا لە هەمان چوارچێوەکانی پێش دا لە بوارەکانی تریش بچووک دەکرن . کار لە خراپترین هەل و مەرجەکان و بە کەمترین رادەی حەق دەس لە کارگە و کارخانەکان تەنیا بەشی ژنان لە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای بورژوائیە .

هەزاران ساڵ بچووک ژمێردن و ئیهانە و سوکایەتی کردنی بە نیوێک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا , ئاوا پوتانسیلێکی شۆرشگێرانەی لە ژنان پێک هێناوە کە تەقینەوەی تێگەیشتوانەی ئەو لە رەوتی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی , هێزیکی مەزن بۆ رزگاری لە هەموو نکبەتەکانی سەرچاوە گرتوو لە بێ بەزەئیانەترین شێوەکانی چەوسانەوەی چینایەتی ئازاد دەکات و لە خزمەتی رزگاری هەموو بێ بەشانی کۆمەڵگا دادەنێ . لە سەرەتای گەشەسەندنی سەرمایەداری ژنان و مندالان وەک « ئەرتشی پاشکەوتی کار » لە کارخانە و مەزراکان و لە ژێر تازیانەی کاری تاقەت پرۆکێنی شەوانە و رۆژانە و بە توندترین شێوە چەوسێندرانەوە , لە هەمان حاڵدا وەک شمشێری داموکلسێک دەژمێردران کە بورژوازی بۆ توند کردنی ستەم و چەوساندنەوە و زەخت هێنان بە سەر پیاوانی هاوچینی ئەوان بە کاریان دەهێنا . بەلام بە گەشە سەندنی رۆژ بە دوای رۆژی سەنعەت ( پیشە ) و پەرەساندنی گۆرەپانی بەرهەم هێنان , لە گەڵ هێنانی هەر چی زۆرتری ژنان بە گۆرەپانی بەرهەم هێنان , و لە پاڵ ئەوێدا خەباتی پەرە ئەستێنەری کرێکاران دژی سیستەمی سەرمایەداری , بورژوازی مەجبوور کرا تاکو هندێک مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان بە رەسمی بناسێ . ئەگەر چی ئەم مافانە تەنیا بەشێک لە مافەکانی ژنان وەک نیوێک لە حەشیمەتی کۆمەڵگا دەژمێردرێ , بەلام لەم چوارچێوەیشدا تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری , وە دیهاتنی هەموو مافەکانی ئەوان هیچ کات لە لایەن بورژوازی دابین نەکراوە . بەلام لە گەڵ زۆرتر بوونی رۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی , دەرچوونی ئەوان لە سنووری تەسکی کاری ناو ماڵ و کۆ بوونیان لە کارخانەکان , بووە هۆی ئەوەی کە ژنان هەرچی زۆرتر بە گۆرەپانی خەبات پەیوەست بن و بە گوشت و پێستی خۆیان هەست بە پێویستی خەبات بۆ رزگاری لە قەید و بەندەکانی سیستەمی نکبەت باری سەرمایەداری بکەن .بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی لە سەرەتای خەباتی ئەوان زۆرتر بۆ وە دست هێنانی مافەکانی دیموکراتیک بوو , بەلام لە گەڵ گەشەسەندی سەرمایەداری و بەشداری راستەوخۆ و بەربلاوی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی , توند بوونی ستەم و چەوساندنەوە سەرەرای ستەمی پیاو سالاری , بووە هۆی ئەوەی کە خەباتی ئەوان زۆرتر لەوەی کە لە پێش دا بوو لایەنی چینایەتی بە خۆیەوە بگرێ و کینەی سەرچاوەگرتوو لە حکومەتی بەربەریەت و وەحشیگری کۆمەڵگای چینایەتی لە گەڵ کینەی چینایەتی لە ژنان پێوەندێکی جیا نەکراو پێکەوە ببەستێ. بێ گومان خەباتی ژنان لە تەواوەتی خۆی خەباتێکی دیموکراتیکە , چۆنکە لە قۆناخی یەکەم دا دەبێ ئەو مافانەی کە هەزاران ساڵ کۆمەڵگای چینایەتی بە فەرهەنگی پیاو سالاری پێشیلیان کردوون , وە دی بهێنن . بەلام هەڵەیە هەر کات ئاوا بیر بکەین کە ئەم خەباتە لەم چوارچێوە و تەنیا بەم داخوازیانە دەتوانێ بە ئاکامێکی سەرکەوتووانە بگات و ئامانجەکانی

سەرکەوتووانەی لە بەر دەم خۆی دابنێ . لە دەورانی ئیمپریالیزم هەر ئالوگۆرێکی دیموکراتیک تەنیا لە چوارچێوەی شۆرشەکانی پرولەتری مانای خۆی دەدۆزێتەوە و لەم روانگەیە دا وە دیهاتنی بە تەواوی مافەکانی کۆمەڵایەتی ژنان جگە لە شۆرشی پرولەتری مومکین نیە . لە لایێکی دیکەوە سەرکەوتنی حەتمی ئەم شۆرشانە بە بێ بەشداری چالاکانە و راستەوخۆی ئەم نیوە لە کۆمەڵگا مومکین نیە .بە بێ تێکەڵاو کردنی ئەم خەباتە بۆ لابردنی ستەمی دووقات لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ، بە خەبات بۆ لە ناو بردنی ئەم سیستەمە چەوسێنەرانەیە ، هێزی گەورە و پوتانسێلی بە هێزی خەباتی نیوێک لە کۆمەڵگا واتە ژنان بە فێرو دەچێ .لە ئێرانیش دەسەڵاتی رەش و نگریسی کۆماری ئیسلامی بە بەرێوەبردنی یاساکانی دواکەوتووانەی سەدەکانی ناوەراست دژی ژنان هەموو مافە سەرەتائیەکانی ئەوانیان بە تەواوی پێشێل کردووە و ژنان وەک کۆیلەکانی ژووری خەوتن و مەتبەخ ( ئاشپزخانە ) چاویان لێ دەکرێ . ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی مەلاکان برێاردەر نین و تەنانەت ناتوانن بە بێ ئیجازەی مێردەکانیان لە ماڵەوە برۆنە دەرێ . ئێستا ئەگەر بروانینە وەزعی ژنانی کوردستان ئەو کات بە دیتنی ستەمی سێ قات وەک ستەمی چینایەتی ، نەتەوایەتی ، جینسی , لە سەر ژنانی کورد تێدەگەین کە چارەیەک بۆ ژنانی ستەم لێکراوی کورد نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە بۆ وەدیهێنانی مافە رەوا پێشێل کراوەکانی خۆیان بە توندترین شێوە دژی یاساکانی دواکەوتووانەی سەدەی ناوەراستی داسەپاو لە لایەن کۆنەپەرستانی حاکیم بە سەر چارەنووسیان راوەستن . و بە تەواوی لە بززتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەشداری بکەن .

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران، یەکسانی مافی هەموو هاوۆڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە، مەزهەب، بیرورا، جینس، زمان وهتد...لە هەموو بوارەکان بەرەسمی دەناسێت. و دژی هەرچەشنە ئیمتیاز و ستەمیک بەنیسبەت کەمایەتیەکانی نەتەوەیی، فەرهەنگی و هتد... خەبات دەکاو خەبات دژی پیاوسالاری، دژایەتی لەگەڵ ژنان و باوەرەکانی دواکەوتووی مەزهەبی و کۆن بەتایبەت لە بواری هێرش بردنە سەر مافەکان و یەکسانی ژنان،بە ئەرکی خۆی دەزانێ .**

## چینی کرێکار و چاڵشەکانی سەر رێگای

## دەقی لیدوانی هاورێ یەدی ...

یەکگرتنەکان تووشی زۆر شکست بوون بەلام شتێک کە زۆر ئاشکرا بوو ئەمەی بوو کە لەم یەکگرتنانە ئاسان بوونی رێککەوتن لە سەر پروگرام و لە هەمان حاڵدا دژوار بوونی درێژەی هاوکاری نیشاندەری دژغایەتێک بوو کە بە حوکمی زەختی خەباتی چینایەتی مەجبوورین چارەسەری بکەین. پەرەساندنی خەباتی چینایەتی بیروبۆچوونەکان پێکەوە نزیک کردووتەوە ئەمە نیشانی دەدات کە لانی کەم بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی رادیکاڵ دەتوانن وەلامی شایسە بدەن بەم پیویستیە مێژوویە و لە تەشکیلاتێک یەک بگرنەوە . لە غەیری ئەم حاڵەتەدا نەسڵی ئێمە بۆ لە ناوچوونی خۆی قسەیێک بۆ وتن و کارێک بۆ ئەنجام دان شک نابات ، هیوادارم ئاوا نەبێ .

با زبانی روشن و گویاست
همە شب مرغ شب شکن خواناست
کە افتابی یگانە میخواهم
نە بلند اختران دور از هم

لە گەڵ رێز و حورمەتی دووبارە بۆ هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و سوسیالیزم و درورد بۆ ئێوە ئازیزان بە تایبەت زیندانیانی سیاسی کە یادگاری هاورێانی ئێمە و هەموو شەهیدانی هاوینی ٦٧ و ساڵەکانی حاکمیەتی پڕ لە نەنگی کۆماری ئیسلامین .

یەدی شیشەوانی – ٢٤ی ئەگۆستی ٢٠٠٧
yadishishavani@yahoo.co.uk

# چینی کرێکار و چاڵشەکانی سەر ڕێگای

## دەقی لێدوانی هاورێ یەدی شیشەوانی لە سیمیناری سەرانسەری کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی

**بەشی دووهەم**

٢- لە باری ڕێکخستنیشدا چینی کرێکاری ئێران خاوەن هیچ جۆرە ڕێکخستنی سەربەخۆ و ئازادی سینفی و سیاسیە . ئەو ڕێکخستنانەش کە چالاکیان هەیە سەر بە دەوڵەتن کە بۆ زاڵبوون بە سەر شوێنەکانی کرێکاری دامەزراون نەک ئەوەی کە لایەنگری لە کرێکاران بکەن . تێکۆشانی کرێکارانی پێشڕەو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی سینفی لە ئاستی یەکێتیەکان و سەندیکاکان ڕووبەڕووی شەپولی وەحشیگەری و سەرکوتی ڕێژیم دەبێتەوە . چارەنووسی سەندیکاکانی شرکەتی واحید تەنها نموونەیێکە لەوەی کە باسمان لێ کرد . چینێکی کۆمەڵایەتی بە تایبەت چینی کرێکار لە ناو سیستەمی سەرمایەداری کە جەمسەرێکی دیکەی دژایەتیەکە پێک دێنێ ، بە بێ بەهرەمەند بوون لە ڕێکخستنەکانی سینفی ، ئابووری و سیاسی سەربەخۆ ، ناتوانی خاوەن ئامرازەکانی پێویست و بە هێز بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ هێرشەکانی سەرمایە بێت . و تێکۆشانی کرێکارانی پێشڕەو و خەباتی ئەوان بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی سەربەخۆ تەنانەت لە ئاستی سینفی و سەندیکائیش تاکو ئێستا ئاکامێکی نەبووە . و ئەم گرفتە وەک چاڵشێکی ئاڵوز و بێچارەسەر لە بەرانبەر چینی کرێکار خۆی دەنوێنێ .

٣- بورژوازی تەنها هێرشی نەکردووتە سەر مەوازەعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ریفاهی کرێکاران ، بەڵکو لە باری سیاسی و ئایدولۆژیک و تێروانینی بە نیسبەت جیهانیش بورژوازی ئێران چینی کرسێکاری خستووتە بەر شاڵاوی هێرشی هەمە لایەنەی خۆی ، کە ئەم شتە خۆی لە ڕەت کردنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕشە کرێکاریەکان ، ڕەتکردنەوەی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم ، ڕەتکردنەوەی ئیستراتژی و تاکتیک و ڕێکخستنی شۆڕشگێرانە ، سەرزنش کردنی هەڵسووران و چالاکی تەشکیلاتی و حیزبی ، هاندانی تەکرەوی ، کاری ئاشکرا ، لیبرالیزم ، پەرەپێدانی ریفۆرمیزم و بەدواداڕۆیشتنی ڕووداوەکان و . . . نیشان دەدات . ئەم هێرشانە زۆرتر لە لایەن ڕوشنبیرانی بورژوا و وردە بورژوا ئەنجام دەدرێ کە زۆربەیان خۆیان بە لایەنگری چینی کرێکار و تەنانەت سوسیالیزم ڕازاندووەتەوە . و ئەم هیرشە فیکریانە لە هەلومەرجێک ڕوو دەدات کە ڕێژیمی سەرمایەداری حاکیم تا ئەو جێگایە کە بۆی بووە و هەیە پشتیوانیان دەکات تاکو لە ناو کۆمەڵگادا پروپاگەندە بکەن و لە گەڵ ئەوانیشدا سازش دەکات . چینی کرێکاری ئێران و ڕەوتە پێشڕەوەکانی لەم گۆڕەپانەدا ڕووبەڕووی چاڵشێکی گەورەن .

٤- بەمانەش زیاد بکەین بارودۆخی ناوچەکە ، خەتەری هێرشی نیزامی و ئەگەری شەڕ و یان مەترسیەکان و بەدواهاتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوانی هەر ئەم حاڵەتەی قەیرانی نە شەڕ و نە ئاشتی ، کە خۆی دەبێتە زەمینەسازی سەرکوتی هەرچی زۆرتر و چەوساندنەوەی زیاتر و بێ بەشی و بێ مافی زیاتری کرێکاران . جێگای ئاماژەیە کە لە سەر زەمینەی توند بوونی قەیرانی دەرەوە و لە ژێر لەوای پروپاگەندەی دژی ئامریکایی ڕێژیم ، بەرنامەکانی ئابووری و سیاسی تر لە ئارادایە کە چینی کرێکار قوربانی ئەسلیەتی . چینی سەرمایەداری ئێران و دەوڵەتی ئەو بە حاکیم کردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناو کۆمەڵگادا ، بە خێرایی هەرچی زیاتر خریکی جێبەجێکردنی گرێ بەستەکانی سندووقی نێودەوڵەتی دراو ، بانکی جیهانی و ستادەکانی تری سەرمایەی جیهانیە ، تاکو بە ئیمپریالیستەکان و بە گشتی ادا سەرمایەی جیهانی بسەلمێنێ کە تەنها ئەوە کە دەتوانی خواستەکانی سەرمایەی جیهانی لە ناوخۆی کۆمەڵگای پڕ لە جموجۆڵی ئێمە کە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی زۆری تێپەڕ کردووە و خواستەکانی ئازادیخوازانە و یەکسانی خوازانە و سوسیالیستیی تێکەڵی یەکتر بووە ، جێ بە جێ بکات . ئەو کەسانەی کە زیاترین گوشاری ئابووری تاکو ئاستی مردن لە

سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن ، زیاترین گوشار و سەرکوتی سیاسیش دەبێ تەحمول بکەن . لەبەر ئەمەی کە بە بێ قۆڵانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان تا ئاستی مردن لە ناو مەنجەڵی نیئولیبرالیزم سەرمایەی جیهانی ناتوانێ چاوەڕوانی جێ بە جێکردنی ئەو ئالوگۆڕانەی لە وڵاتی وەک ئێران بێت کە مەبەستیەتی . کاتێک خێرایی سەرسوور هێنەری تایبەتی کردنەکان ، دەرکردنەکانی بە کۆمەڵ و . . . بنینە پاڵ گرێ بەستەکانی میایارد دولاری دەرەوە ، ئەو کاتەیە کە ناوەڕۆکی هەوڵەکانی تاقم و باندەکانی ناوخۆ و دەرەوەی حاکیم بە سەر وڵات و چینی سەرمایەدار باشتر خۆی دەردەخات . و ئەمەی کە لەم گۆڕەپانەدا چینی کرێکاری ئێران ڕووبەڕووی چالشی گەورەی خەبات بە دژی سەرمایەی جیهانی بووەتەوە کە هێرشەکانی ئەو لە ژێر ناوی نیئولیبرالیزم نە تەنیا لە لایەن چینی دەسەڵاتداری ئێران و ڕێژیمی سیاسی ئەو پشتیوانیی لێ دەکرێت ، بەڵکو لە لایەن ئەحزاب و ڕەوتەکانی بورژوایی و وردە بورژوایی دەرەوەش پشتیوانی دەکرن . لەمک گۆڕەپانەدا چینی کرێکاری ئێران تەنیایە و تەنها دەتوانی بە هاوچینەکانی خۆی لە سەرانسەری جیهان پشت ببەستێ .

٥- سەرەرای ئەو مەوردانەی کە ئاماژەمان پێ کرد ، لە دەورەی سەنعەتی پێشکەوتوو ، کرێکارانی ئێران لە گەڵ چالشەکان و بابەتەکانی تازە و ئالاوزێک ڕووبەڕوو بوون ، دەورەیەک کە گۆڕانکاریەکانی جیاواز و لێک پچڕاو ، نەناسراو و لە ناکاو مەعیارەکانی سەرەکی ئەو دەژمێردرێن . دەیان نموونم لەم بارەیە لە بوارەکانی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ، ڕێکخراوەکانی کرێکاری و کارفەرمایی ، ڕێکخستنی بەهرەوەری هێزی کار ، تەجرووبەکان و زانیاریەکان و هیتد . . . دەتوانین ناو ببەین ، بەڵام یەکێک لە کاریگەرترینی ئەوان لە سەر چارەنووسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان ( سەرەرای تەعسیراتی نیئولیبرالیزم و بە جیهانی کردن ) پلانەکان و بەرنامەکانی ئیمپریالیستین . لە باری مێژوویی بە پێکهاتنی عەم بوونەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی دژ بە یەک کە پێشتر بە هۆی تەعسیراتی سیاسەتیکانی ئیستعماری و شەڕەکان بە وجود دەهاتن و بە هۆی تووندترین شێوازی ئیستبداد و دیکتاتوری پارێزران ، تێکەڵاو بووە لە گەڵ کردەوەی نیزامی و دەستێوەردانی ئیمپریالیستەکان و لە سەرەوەی ئەوان ئیمپریالیزمی ئامریکا کە تێدەکۆشێ ئەم ئالوگۆڕانە لە هێلی دیموکراتیک و شۆڕشگێرانەی بە لارێ ببات و لە ڕاستای ئیستراتژی داگیرکەرانەی خۆی بە کرایان بهێنێ . وڵاتی ئێمە کە لەوێدا سەرمایەداری بە شێوەیکی نامەوزوون پەرەی ساندووە و نەتەوەکان و مەزهەبەکانی جۆراوجۆر و جیاواز بە بێ هیچ جۆرە بهرەمەند بوون لە مافەکانی دیموکراتیک لە ژێر سێبەری سەرنەیزەی دیکتاتوری حاکیم ژیاون لەم ئەمرە جیا ناکرێنەوە . گۆڕانکاریەکانی داهاتوو ئەگەر لە گەڵ بەشداری و کونترۆڵ کردنی ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر تێکەڵ نەکرێت بە تایبەت سست بوون و لێکترازان لە هەم بوونی کۆمەڵایەتی ئەو پێشی پێ ناگیردرێ و ئەمە زەمینەیێکە بۆ ئەوەی کە ئیمپریالیستەکان لەوێ بۆ جێ بە جێکردنی ئیستراتژی ناوچەیی خۆیان سوودی لێ وەربگرن . لەم حاڵەدا چینی کرێکار و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەو ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی مەسەلەی میللی و ناسیونالیزمی دواکەوتوو دەبن . بە مەسەلەی میللی وەک لایەنی دیموکراتیکی خەبات و خواستی خەڵکی دەبێ مەسەلەکانی ئیزافە کرد . چینی کرێکار وەک نموودی چینێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی سیاسی ئەو بە بێ وەڵامدانەوە بەم گرفتە واقیعی و بەرچاوە کۆمەڵایەتیانمە نە تەنها لە فیکر و لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ پروپاگەندی ئیمپریالیستەکان و قەڵەم بە دەستانی بەکرێگیراوی چینی دەسەڵاتدار ، بەڵکو هەروەها بە کردەوەدا ناتوانن کەشتی شکاو لە سەر شەپۆلەکانی ئوقیانوسی نائارامی ئێران بەرەو ساحلی ڕزگاری ڕێنمایی بکەن . دەیان ساڵە کە لە وڵاتی ئێمەدا ئیستبداد ، دیکتاتوری و خەفەقان و سەرکوت حاکیمە . چینی کرێکار ئەگەر بیهەوێ خۆی و کەسانی دیکە لەم وەزعە ڕزگار بکات ، دەبێ و ناچارە پردێک دروست بکات بە سەر دۆڵی نیوان ئیستبداد و دیموکراسی شوورایی ، تێپەر بوون بە سەر کۆنترین ئەشکال و ڕێکخراوەکانی سیاسی بەرەو پێشکەوتووترین و مودیرنترین و لە هەمان حاڵدا ئازادترینی ئەوان . ئەمانە چالشەکانی بچووک نین کە چینی کرێکار

بووەتەوە . لەم جەلەسەیە نە دەرفەتێک هەیە کە ئاماژە بە ئاڵترناتیوەکانی مومکین بۆ ئەم چالشانە بکەم و نە سەلاحیەتی ئەم کارەم هەیە و نە پێم وایە کە کەسێک بتوانێ بە تەنیایی وەڵامدەری بێت . بەڵام پیویستە ئاماژە بە مەسەلەیێک بکەم و ئەویش ئەرکێکە کە بە ڕای من لە سەر شانی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشرەو و ڕێکخراوەکانی شۆرشگێری لایەنگری کرێکارانە . ئەمە راستە کە لە ساڵانی ڕابردوو ئاستی چەنیەتی و چۆنیەتی خەبات لە بوارەکانی جۆراوجۆر وەک بزووتنەوەی کرێکاری بە نیسبەت ساڵەکانی ڕابردوو باشتر بووە ، ئەمە راستە کە کرێکارانی ئێران لە بەرانبەر هێرشەکانی چینی حاکیم و دەوڵەتی سەرکوتگەری ئەو لەم ساڵانەی دوایی دا هەزاران جار مانیان گرتووە ، سەدان خۆپیشاندان و جادە بەستن و حەرەکەتی نارەزائیان ساز کردووە . بەلام زیادتر ٩٩ لە سەدی ئەم مانگرتنانە و حەرەکەتە نارەزائیانە پەرتەوازە ، خۆبەخۆیی بوون و لە ئاستی داخوازیە سینفی و ریفاهیەکان زیاتر نەبوون . و لەو شوێنەدا کە بە ناچار رووبەرووی سەرکوتی رێژیمی سیاسی بووەتەوە هێزی کۆمەڵایەتی پشتیوانی ئەو کەم بووە و نەیتوانیوە کارێک بکات . لە هیچ مەوردێکی مانگرتنەکانی کرێکاری تەنانەت لەو بەشانە و کارخانانەی کە هاوکات تووشی قەیران بوون و داخوازیەکانی وەک یەکتریان هەبووە نەیانتوانیوە مانگرتنێکی هاوکات و لە پەیوەندی لە گەڵ یەکتر ساز بکەن . کرێکارانی مانگرتوو ئەم کارخانەیە پەیوەندیان نیە لە گەڵ کرێکارانی مانگرتوو کارخانەی وەک ئەو و یان پەیوەندیەکی ئورگانیک و سازەندەیان نیە . لە ساڵەکانی ڕابردوودا کرێکارانی پێشرەوی هندێک لە کارخانەکان و کرێکارانی بێکار لە گەڵ روشنبیرانی لایەنگری بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دامەزراندنی پێکهاتەکانی سەربەخۆی کرێکاری هندێک کاریان کردووە کە لێرەدا جێگایەتی تا دەس خۆشیان لێ بکەین و رێز لە کارەکەیان بگرین . وەک << کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ دامەزراندنی پێکهاتەکانی سەربەخۆی کرێکاری >> ، << کومیتەی بەدواداچوونی دامەزراندنی پێکهاتەکانی کرێکاری >> و یان << کومیتەکانی کارخانە >> کە لەم دوائیەیشدا شوورای هاوئاهەنگی ئەوان دامەزرا . بەڵام ئتاکامی کارەکە چی بوو ؟ بە هۆی نەبوونی چالاکی و خەباتی تیئوریک و فیکری کۆمۆنیستەکان ، رەوتەکانی ریفورم خواز - نیئولیبراڵ و ریفورمیست و . . . درێژەیان دا بە پەرەپێدانی بیروبۆچوونەکانی رووخێنەری خۆیان . کرێکارانی پێشرەوی ناوبراوی ئێمە بە جێگای رێکخستنی کرێکاران لە ناو کارخانەکان لە سەر زەمینەی گۆنجاوی حەرەکاتی نارەزایی و مانگرتنەکانی بەربلاوی کرێکاری ، خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزا لە دەرەوەی شوینەکانی کارکردن بوون . لە راستیدا ئەو هەزاران ئیمزای کە خوازیاری << دامەزراندنی پێکهاتی کرێکاری >> بوون چ بە سەر هات و ئاکامەکەی چی بوو ؟ ئەوان پێیان وابوو کە لە گۆرەپانی شەڕی کرێکار بە دژی بورژوازی ، ئەویش بەم دام و دەزگای سەرکوتەدا بە ئیمزای وەک ئێمەدا کە گیرودەی گرتنی هەق دەسە لە دواکەوتووەکانمانین و ئەم دەرگا و ئەو دەرگای لێ ئەدەین ، بۆ ئیمزای ئێمە بایەخ و ئەرزشێک دادەنن . ئەوان لە جیاتی ڕێکخستنی ( نەک تەنانەت کۆمەڵی کرێکاران کە لە ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانیان بوو ) بەڵو خۆیانیش وەک کرێکارانی تێگەیشتوو و پێشرەو لە شانەکانی ناو کارخانەکان کە لانی کەم بتوانن پەیوەندی لە نیوان چەند کارخانە و مانگرتنەکان دامەزرێنن و پاشان کرێکاران لە گەڵ ئامانجی دامەزراوە سەربەخۆەکانی مەبەستی خۆیان ئاشنا بکەن و بە هێزێکی فراوان بەرەو پێش بچن و بە تێکەڵاو کردنی کاری ئاشکرا و نهێنی چالاکی بەردەوام رێک بخەن ، خەریکی شەخسیەت سازی ئەویش نەک لە ناو کرێکاران و وەک رێبەرانی بەکردەوەی خەباتەکانی ئەوان بەڵکو لە سەر ئەساسی چالاکی دەرەوەی وڵات و پشتگیری لە حەدی نامە نووسینی یەکێتیەکانی زەردی کرێگاری دڵخۆش بوون . ئاکامەکەی چی بوو ؟ هندێک لە هەڵسووراوانی ئەم حەرەکەتانە ، وەک مەحموود سالەحی و ئەسانلو دەستگیر کران . تێکۆشانی بێوچانی کۆمۆنیستەکانی دوورخراو لە ولات لە سەرانسەری جیهان یەکێتیەکانی کرێکاریی مەجبوور کرد تاکو نارەزایی خۆیان بە نیسبەت ئەم دەستگیریانە دەرببرن . بەڵام نارەزایە دەربرینی ئەوان تەنها لە قسەدا بوو . وەک شتێک رۆژێک نارەزایە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنها شمولی ئەم ژمارە لە کۆمۆنیستەکانی دوور خراو لە وڵات و چەند کەسێک لە کارمەندانی ئەم یەکێتیانەی دەکرد ، نەک ژمارەیێکی کەم لە سەدان هەزار ئەندامی ئەم یەکێتیانە ! و نەک سازدانی چالاکێک کە تاکو ئازاد کردنی ڕێبەرانی کرێکاری دەستگیر کراو ، کەشتیەکانی بارهەڵگر بەرەو ئێران لە بەندەرەکانی ئوروپا و ئامریکا ڕابگرێ و نەهێڵێ فرۆکەکانی ئێران لە فرۆکەخانەکانی ئوروپا هەستن و یان دانیشن . هەر بۆیە ڕێژیم بەکردەوەدا گرینگیی نەدایە ئەم جۆرە پشتیوانیە و درێژەی دا بە ڕێکارەکانی یاسایی دژی کرێکاری خۆی . بەم شێوەیە هێز و تواناکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ئەم لایەنە تەرخان کرا و ئاکامەکەی ئەوە بوو کە تەنانەت جگە لە ئەندامانی هیئەتی بەربوەبەرایەتی و ژمارەیەکی کەم لە کرێکاران ، هەموو کرێکارانی ئەندامی سەندیکای شرکەتی واحیدیش نەیانتوانی لە ڕێبەرانی سەندیکای خۆیان پشتیوانی کاریگەر بە عەمەل بێنن . کردەوەکانی دامەزراوەکانی وەک کومیتەی هاوئاهەنگی و . . . کە خۆیان سەر و ملێک بەرزتر لە هەڵسووراوانی کۆمۆنیست دەزانین زۆرتر لە دەرکردنی ڕاگەیاندراو نەبوو . و تەنانەت بە قەدەر یەک لە سەدی چالاکی هەڵسووراوانی دەرەوەی وڵات نەبوو . ئەوان بە جێگای ڕێکخستنی پشتیوانیەکانی کرێکاری و بە جێگای دامەزلاندنی پێکهانەکانی سەربەخۆی کرێکاری کە بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە دامەزرا بوون بە کردەوە بوون بە ڕێکخراوەکانی سیاسی ڕەقیبی یەکتر کە ئەرکێکیان نەبوو جگە لە دەرکردنی ڕاگەیاندراوی زۆرتر . من لە سەرەتای دامەزرانی ئەم کومیتانە بە ڕەخنە گرتن لە پەیرەوی ناوخۆیی ئەوان ئاوا چارەنووسێکم بۆ ئەوان چاوەڕوان دەکرد کە بەداخەوە بۆ بە ڕاست . ئەمە وەزعیەتی کرێکارانی ئێمە و پێشرەوانی ئەوان لە ناوخۆی وڵاتە . نازانم لێرەدا بەلەبەرچاوگرتنی سەردێری باسەکە دەتوانم ئاماژە بە لاوان و ژنان بکەم یان نە ، بەڵام با بە کورتی بڵێم کە چارەنووسی ملیونەها لاوی مەشغول بە کار و بێکاری وڵاتەکەمان و ژنانی ستەم لێکراو جیا لە چارەنووسی چینی کرێکار نیە . ملیونەها لاو و ژن و پیاوی وڵاتەکەمان بە هۆی بازرگانی پڕ لە سوودی موخەدیرات و لەش فرۆشی ماڵ وێران کراون . ملیونەها کەس لەوان بێکار و وەیلان هیچ داهاتوویێکی ڕوونیان نیە . سەدان هەزار کەس لەم لاوانە لە بەر خاتری دابین کردنی بژیویان بوون بە گۆشتی دەمی توپی بورژوازی ئێران لە جەریانی شەڕەکانی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵات . ڕاپەرینەکانی ئەفرادی پێشرەو لە ناو زانکۆکان و ناوەندەکانی فێرکردن یان سەرکوت دەکرێ و یان لە بەندی باڵەکانی ڕێژیم حەبس دەکرێ و خەباتی ئەوان بە لارێ دەبەن . لە حاڵێکدا زەمینەیێکی زۆر گونجاو بۆ گەیاندنی تەجرووبە و یارمەتی بە تێگەیشتن و . . . ڕێکخستنی لاوان بۆ ئەنجامدانی شێوازەکانی جۆراوجۆری خەبات لە پاڵ کرێکاران وجودی هەیە . ئەم هەموو تەجرووبە و فاکتە نیشانی دەداتکە چینی کرێکاری وڵاتی ئێمە و هەروەها ژنان و لاوان و زەحمەتکێشانی تر پیویستیان هەیە بە کادیرانی ڕێکخەری بە ئەزموون و هەروەها ڕێکخراوەکانی یەکگرتوو و بە تەجرووبە . ڕێکخراوەکانی سیاسی و ئەفرادی بە ئەزموونی ئێمە لە مەودای ئەم دەورانە تووشی زەبری زۆر بوون . سەرەرای تەحمولی کوشتار ، زیندان ، دوورخستنەوە و پەرتەوازە بوون و جیابوونەوە درێژەیان داوەتە چالاکی خۆیان . بەڵام ئەم چالاکیانە بە هۆی پەرتەوازە بوون و لاوازی و بەربەست بوونی ئەوان لە حەدی ڕێک کردنی کارەکانی ڕۆژانە و هەڵویست وەرگرتن لە بارەی ڕووداوەکانی ڕۆژانە زۆرتر نیە و هیچ کام لە ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی کرێکاری مەوجود بە تەنیایی ناتوانن تێکۆشانی کاریگەریان هەبێ لە سەر وەزعیەتی چینی کرێکار و گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا . ڕێکخراوەکان لە وەزعیەتێک دان کە ئەگەر لە لای خۆیاندا ڕاستترن و دروستترین تاکتیکەکان هەڵبژێرن بەک چەنیەتی و چۆنیەتیە کە هەیانە ناتوانن بە کردەوە هەنگاوێک بۆ جێ بە جێکردنیان هەڵگرن . ئەگەر جگە لەمە بیر بکەینەوە لە تەجرووبەی دوو دەیەی ڕابردوو هیچ دەرسێک وەر نەگرتووین . چینی کرێکار بە بێ پێشرەوانی تێگەیشتوو و سوسیالیست و بە بێ بوونی بە کردەوە و تیئوری بزووتنەوەی بە هێزی کۆمۆنیستی بە تایبەت لە وڵاتی ئێمە بەو هەموو تایبەتمەندیانەی کە ئاماژەمان پێ کرد بە هیچ شوێنێک

به بێ پەیوەندی ئۆرگانیک لە گەڵ کرێکاران دەبنە تاقمەکانی بچووک و ڕێکخراوەکانی بێ تەعسیر . لەم هەلومەرجەدا ئەرکی مەزنی ئێمە کۆمۆنیستەکان چ ڕێک خراو و چ غەیری ڕێک خراو بریتیە لەمەی کە گەورەترین زەبری دوژمنی چینایەتی خۆمان کە بووەتە هۆی پەرتەوازە بوون و جیایی ئێمە لە چین و کۆمەلانی خەڵک ، وەلا نین و بۆ وەلامدانەوە بە پیویستیەکانی تیئوری و پراتیکی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەکانی تری کۆمەڵایەتی هەنگاو لە ڕێگای یەکگرتنی تیئوری و تەشکیلاتی هەڵگرین . ئەمە ئەرکە مەزن و لە هەمان حاڵدا موشکیل بەلام هاشا هەڵنەگرە ئەو کاتە بە کردەوە دەبێ کە بە دووری کردن لە دوگماتیزم و سکتاریزم و بە ڕەخنە گرتنی پۆزیتیو لە ڕابردوو بە مەبەستی فێر بوون لە ئەو ، تەحلیلی دیاریکراو لە هەلومەرجی دیاریکراو لە نووسینی پروگرام و ڕێکارەکانی نوێ بکەین بە مەلیکەی زەینی خۆمان و لە سەر ئەساسی فورمێکی نوێ لە ئاڵوگۆر و خەباتی تیئوری ناکۆکیەکانی فیکری خۆمان دیاری بکەن . بوون و پیویستی جیاوازی بیروڕا لە حیزب و ڕێکخراوێکی گەورەتر قبووڵ بکەین . ئازادی و ئاشکرابوونی قسە وباسی سیاسی و وەڵامدەر بوون بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش وەک ئەمرێکی نیهادی و نەریتیکی کۆمۆنیستی قبوول بکەین و بە کردەوە جێ بە جێی بکەین . ئێمە لە تەجرووبەی

پاشماوە لە لاپەڕەی٤




## یادی هاوڕێ مەزن مەسعود ئەحمەدزادە لە ئیرادەی پۆڵائینی چینی کرێکار بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سۆسیالیزم هەتا , هەتایە زیندووە !

١١ی ڕەشەمە بەرانبەرە لە گەڵ سی و هەفتەمین ساڵرۆژی گوڵلەباران کردنی یەکێك لە مەزنترین تیئوریسیەنەکانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران هاوڕێ مەزن مەسعود ئەحمەدزادە و ٩ هاوڕێ فیدایی‌تری ئەو کە لە لایەن شەوپەرەستانی ئینسان کوژی ڕێژیمی شا گوڵلەباران کران. تیئوریسیەنەکانی داهێنەری ڕێکخراو و بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی بە هێزی بیری پڕ لە توانا و داهێنەرانەی بێوێنەی خۆی بە نیسبەت بابەتەکانی شۆرشی ئێران توانی زۆر جار و لە زۆر کاتی ناسکدا , هێڵێکی نوێ لە بەردەم بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران بکاتەوە و خۆیشی یەکەم هەنگاوەکانی ئەم ڕێگایە بە دڵنیائیەوە هەڵگرێ . تیرباران کردنی مەسعود ئەگەرچی وەك زەبرێکی قورس لە جەستەی بزووتنەوەی فیدایی وەك پێشرەوی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران بوو , بەڵام ناوی مەسعود لە تەمەنی کورتی ژیانی کە تازە ٢٤ بەهاری تێپەر نەکردە بوو وەك ڕێبەرێکی بە توانا و خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵائین لە سەر ئاڵای سووری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران مۆری خۆی داکۆتاوە . ناوی مەسعود لە دڵی چینی کرێکار و لە ئیرادەی پۆڵائینی ئەو بۆ وەدیهێنانی ڕزگاری و سۆسیالیزم هەتا , هەتایە زیندووە .

(( یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار ))

## پاشماوەی , بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی ...

توێژەکانی ڕادیکاڵی وردە بورژوازیی بەرەو لای پرولتاریا دەبرد و توێژەکانی موحافیزەکاری ئەویش بەرەو لای بورژوازی , موجاهیدی خەڵکیش مەجبوور بوو کە دژایەتی ناوخۆیی خۆی بە قازانجی یەکێک لەم توێژانە, تێک بشکینی . ئەم جیابوونەوەیە ئەگەر چی لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بووە هۆی پێک هاتنی دوو بۆچوون و گرایش , بەڵام لە بەر ئەوەی کە جیابوونەوەکە ریشەدار نەبوو , منداڵی لە بار چوو , نەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدات و ڕادیکالیزمی موجاهید بە قازانجی لیبرالیزم و موحافیزەکاری ئەو تێک شکا و موجاهیدی دەورانی دووهەم ژیانی خۆی لە پاش ئەم جیابوونەوەیە بە سەمت و سوی موحافیزەکارترین گرایشاتی وردە بورژوازی ئێران دەستی پێکرد و بۆ ڕزگار بوون لە چەنبەرەی ئلتقاتی ڕابردوو خۆی کە بە مەجبووری ئەویش بەرەو ئەو لایە ڕادەکێشا , لە نێوان مەزهەب و مارکسیزم , لە نیچوان ڕادیکالیزم و لیبرالیزم , و لە نێوان ڕێبەری پرولتاریا و بورژوازی , مەزهەب و لیبرالیزم و بورژوازیی هەڵبژارد و لە مەودای پروسەیێکی دیاریکراو ئەم لایەن گرتنەی تەواو کرد .

ئەم کتێبە هەولێکە بۆ ناساندنی هۆکارو دۆزینەوەی ریشەکان و لێکدانەوەی هۆکارەکانی ڕەوتی بەرەو پاشی ژیانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و پێک هاتوو لە زنجیرە باسەکانی کە پێشتر لە زنجیرە بەرنامەیەک لە رادیو دەنگی فیدایی بلاو کراوەتەوە . **ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران .کومیتەی کوردستان**

**خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی**

بەشی دووهەم لە شمارەی داهاتوو




# به سەرهاتی مردنێکی مێژوویی

مەسەڵەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە رەوتی خەباتی چینایەتی دا بووەتە یەکێک لە مەسەڵەکانی هەرە گرێنک لە ناو خەڵک و هێزە سیاسیەکان و بەتایبەت ئەوانەی کە لە بەرەی چەپ دا قرار دەگرن . پرسیارێک کە وەڵامی زانستی خۆی تەڵەب دەکات و دەبێ بە دوور لە هەر چەشنە ئەحساسات و لێکدانەوەی غەیری زانستیانە بیخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن . زۆر رەوت ئجباری بە رەوالەت چەپ و تەنانەت چەپیش ئەسیری دۆگماتیزم و تەحلیلی غەیری زانستی پێیان وایە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک پاش هێنانی هێزەکانی بۆ عێراق رەوتی پاش کەوتنی خۆی دەستی پی کردووە بەبێ ئەوەی کە بزانن رەوتی پاش کەوتنی ئەم جەریانە وەک جەریانێک کە نوینەرایەتی شیوەێکی لە فیکرو بۆ چوونی کۆمەڵایەتی دەکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قازانج و بەرژەوەندییانەی کە بەرگیری ڵیان دەکات وەک جەریانێکی خوازیاری بەقا و مانەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایە داری زاڵ بەڵام بە پیکهاتنی سەرخانێکی سیاسی نوێ و بە حوکمرانی توێژەکانی چینی حاکیم واتە بورژوازی لیبراڵە .زۆر جار هەلویستی زۆر جەریانی سیاسی ناوچەیی کوردی و پان ئێرانیستەکانی خوازیاری گەرانەوەی سیستەمی پاشایەتی و دەزگاکانی زانیاری کۆماری ئیلامی و ... ئەوانەی تر سەبارەت بە مەوقەعیەتی سیاسی و کۆانرلایەتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک لە نوقتەیەک یەک دەگرێتەوە بەبێ تەحلیلی زانستی و دیالکتیکی ئەم جەریانە تەنیا ئەیانەوە لە چەند مەسەڵەیکی گۆمانلێکراو وەک چوماق دەست بوونی موجاهیدین لە لایەن حکومەتی پیشووی عێراق و یان دژایەتی کردن لە گەڵ فلان جەریانی ناوچەیی کوردی و یان فلان رێبەری زانای کورد ؟!! وا بخەنە فیکری خەڵکەوە کە گوایە ئەوان راستن و موجاهیدینی خەڵک درۆ . ئەوان هەر لە بنەرەتەو تاکو ئێستا و لە داهاتوویش دا شۆرشگێرن بەبێ ئەوەی مانای قووڵ و بنەرەتی شۆرش بزانن و موجاهیدیی خەڵک هەر چەند لە یەکەم جار شۆرشگێر بووە بەڵام بەبێ لیکدانەوەی میژوویی و دیالکتیکی ئەم جەریانە ئێستا هی حسابێکی بچووکیش بۆیان ناکری و یان تەنیا لە بەر ئەوەی کە جەریانێکی مەزهەبیە ناتوانرێ دیموکرات بێت . زۆر جاریش لە بەر ترسی ئەوەی کە ناوی جەریانی تیروریستی لە سەر موجاهیدین دانراوە تەنانەت ناتوانن ناوی لێ ببەن لە جەریانی یەکێتی نیشتمانیەوە بگرە تاکو ئۆکۆمۆنیستە ئوتۆ کشیدەکانی ناسراو بە کۆمۆنیستی کرێکاری ؟!! ناتوانن و یان نایانەوێ کە هەرکام بەشێوازێکی مغرزانە چاو لە قەزیەی موجاهیدین دەکەن , یەکەم جەریانی ناسیونالیستی بەکرێگیراوی دەزگای زانیاری ئێران لە بەر چاکر مەنشی خۆی بە نیسبەت مەلاکانی ئێران دژایەتی موجاهیدین دەکات و دووهەم جەریانیش لە بەر نەخویندەواری سیاسی خۆی و تەنیا لە بەر مەزهەبی بوونی تەحلیلی سەد مەن یەک غتزی نیسبەت موجاهیدین دەدات و دژایەتی موجاهیدین دەکات . پێمان وایە ئیمە وەک جەریانێکی مارکسیست - لینینیست دەبێ تەحلیلی جامع و زانستیانەمان هەبێ بەنیسبەت توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵگا و هەرواها جەریاناتێک کە لە باری فیکریەوە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن . رەوتی گۆرانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا مەسیری و هەر جەریانێک دیاری دەکات و

و جەریاناتی سیاسی بە لە بەر چاو گرتنی پێگەی چینایەتی و ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا مەسیری خۆیان بە مەجبووری دەگۆڕن . ئێمە لێرە دا هەوڵدەدەین تاکو بە وەرگێڕانی زنجیرە وتارێک کە پێشتر لە ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی لە ڕادیو دەنگی فیدایی بڵاو کراوەتەوە و پاشان لە خەرمانانی هەمان ساڵ لە لایەن کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران وەک کتێب چاپ کراوەتەوە , وەڵامێکی زانستی و دیالکتیکی بە مەسەڵەی سوورانەوەی مێژوویی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بەرەو لای لیبرالیزمی بورژوازیی بدەینەوە و هۆکارەکانی جیاوازی فیکری و چینایەتی لە گەڵ ئەم جەریانە بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن .لە پاش ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی تاکو ئێستا زۆر گۆڕانکاری تریش هاتووتە ئاراوە چ بەسە ژیانی ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران و ناوچەکە و چ بە سەر جەریاناتی سیاسی کە موجاهیدیش یەکێک لەو جەریانانە بەحساب دێت . بەڵام ئەوەی کە گرێنگە ئەم مەسەڵەیە کە پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و داگیر کردنی عێراق دەستی دەزگای زانیاری حکومەتی دواکەوتووی ئێران و جەریاناتی کوردی و شیعەی سەر بە ئێران کە ئێستا لە بەشەکانی لە خاکی عێراق حاکمین وەک حزب الدعوە , مجلس اعلای انقلاب اسلامی عێراق و جەریاناتی کوردی وەک یەکێتی نیشتمانی زۆر ئاوا لەتر لە پێش دایە و ئەم جەریانانە تێدە کۆشن تاکو بە سیاسەتی چاکرمەنشی خۆیان لە بارەگای مەلاکانی حاکیم بە سەر ئێران نەک جەریانی موجاهیدینی خەڵک بەڵکو سەرجەم ئۆپۆزسیونی گەورە و بچوکی ئێرانی بخەنە ژێر گوشار و گۆشەگیریان بکەن . بەداخەوە زۆر جەریانی بێ پرەنسیبیش بۆ مانەوەی خۆیان بە هەر نرخێک دا کە هەبێ بەدوای پروپاگەندەی جەریاناتی سەر بە ئێران کەو توون و شەڕی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و یەکێتی لە سەردەمی شەڕی دواکەوتووانەی ئێران و عێراق بە شەڕی موجاهید بە دژی گەلی کورد ناو دەبەن هەر ئەو شەڕەی کە لە درێژەی خوێ بە دژی زۆر بەی ئۆپۆزسیونی ئێرانی موستەقەر لە کوردستانی عێراق پەرەی ساند . هەر چەند قسە کردن لەم بارەیە شتێک لە مەسەڵەی بەکرێگیراوی بەکرێگیراوان ناگۆڕیت بەڵام باشتر وایە بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەڵەی موجاهیدین نە ئەم مەسەلەیە پێوانەی قەزاوەتی خۆمان قەرار بدەین بەڵکو لە باری دیالکتیکی مەسەڵەی موجاهیدین و ڕێگای مێژوویی ئەو و یان هەر جەریانێکی دیکە بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن . بابەتێک کە لەم ژمارەیەی ڕێگای گەل سەبارەت بە ڕێکخراوی موجاهیدین پێشکەشی خوێنەران دەکرێت هەڵویستی ڕێکخراوی موجاهیدین بە گۆڕانکاریەکانی ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران لە سەرەتای دامەزراندنی تاکو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی دەخاتە بەر باس و لێکدانەوەی دیالکتیکی .

## بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی

## زنجیرە وتارێک لە ڕادیو دەنگی فیدایی -خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی

پێشەکی :

مەسەڵەی وەزعیەتی ئێستای ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و بەدوا داڕوێشتنی یەک لایەنەی ئەو بەرەو لای لیبرالیزمی بورژوایی , یەکێک لە بابەتەکانی ئاڵوز لە گۆڕپانی هەڵویست وەرگرتنەوە لە بەرانبەر هێزە سیاسیەکان لە چەند ساڵی ڕابردوو تاکو ئێستا .

ئەمەی کە چۆن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک گەیشتە بەرنامەی شورای میللی موقاومەت و ئەساسەن بۆ چی موجاهید بەلای لیبرالیزم دا کۆتایی پێ هات , شتێکە کە هێشتا هێزە سیاسیەکان لە بارەیەوە باس دەکەن . هێشتا ئەم پرسیارە ئەساسیە کە موجاهیدینی خەڵک لە کەیەوە و بۆ چی ئەم ڕەوتە بە دواوەیان دەستی پێ کردوون و چۆن لە ڕێکخراوێکی دیموکراتی شۆڕشگێر بە دروشمەکانی دژی ئیستبداد- دژی ئیمپریالیستی بوونە ڕێکخراوێکی بورژوا - ریفورمیستی , وەڵامی یەک لایەنە و دروستی خۆی بە باشی وەر نەگرتووە هێشتا زۆر لە هێزە سیاسیەکان سوورانەوەی ڕێکخراوی موجاهیدین بە سوورانەوەیێکی یەک شەوە ناو دەبەن بە پێ ئەوەی کە هۆکاررەکانی عەینی گۆڕانکاری لە ناو ئەم ڕێکخراوە دا بەر چاو بگرن . بەڵام هەروا کە هیچ دیاردەیێک بە بێ زەمینەی عەینی دیاریکراو ناتوانێ پێک بێت و نە دەتوانێ بەبێ پەرەساندنی دژایەتیەکانی ناوخۆیدا کە ڕەنگدانەوەی

گۆڕانکاریەکانی جەبری لە دیاردەکانی خۆڵقێنەری خۆیدایە لە ناو بچێ , گۆڕانکاری لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکیش بە پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونە سادە ئەندیشانەی کە وادەزانێ موجاهیدینی خەڵک بە یەک شەودا و لە بەر قبوول کردنی پەیمانی بەنی سەدر ئەسیری بورژوازی بووە و ڕێگای لیبرالیزمی پیوایە , لەم قانونمەندیە جیاواز نەبووە و نابێ . باسەکانی ئەم کتێبە سەرەرای لێکدانەوەی هۆکارەکانی عەینی ئابووری – کۆمەڵایەتی و سیاسی کە موجاهیدینی خەڵک لە سەر زەمینەی ئەواندا دامەزراو بە پێ گۆڕانکاریەکانی ئەم هۆکارانە خۆیشی بەناچار تووشی گۆڕانکاری بوو , ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکاریانە لە بوارەکانی جۆراوجۆری ژیانی سیاسی موجاهیدین خەڵک , دەخاتە بەر باس و هەڵسەنگاندن و چۆنیەتی ڕەوتی حەرەکەتی بەکردەوەی ڕێکخراوی موجاهیدین خەڵک لە ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی وردە بورژوایی بەرەوە ڕێکخراوێکی لیبرال – ریفورمیست لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی نزیک بە چوار دەیەی ڕابردوودا بە ئاشکرایی نیشان دەدات . ئەو هۆکارە مادوی و قازانج و بەرژەوەندی چینایەتیە دیاریکراوانەی کە موجتهیدی مەجبوور کرد تاکو دوو جۆرە بیرکردنەوەی زاتی ئەم هێزە شۆڕشگێر و دیموکراتەی بەرەولا و بە قازانجی لیبرالیزمی بورژوایی لە ناو ببات ریشەکەی لە دژایەتی سەرەتایی بۆ چوونی حاکیم بەسەر ئەم ڕێکخراوە بوو کە خۆی بە وجود هاتوو لە مەوقعەیەتی دژ بە یەکی ئەم هێزە لە ناو وەزعیەتی کۆمەڵگادا بوو . لە بەر ئەوەی کە موجاهید لەرهەم و بەیانی دژایەتیەکانی توێژەکانی زەحمەتکێش و دەس تەنگی کۆمەلایەتی لە هەلومەرجی دیاریکراو لە مێژووی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێران بوو کە لە هەلو مەرجی گەشە کردن و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەچوو تا لە لای چەرخی بەرهەم هێنانی گەورەدا ورد بیێتەوە . دژایەتیەک کە خۆی ڕەنگدانەوەی وەزعیەتی دژ بە یەکی کۆمەڵگادا بوو . پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە لایکی دیکەوە کە بەیانی خۆی لە سەرخانی سیاسی کۆن و لە بوونی دیکتاتوری پاشایەتی دەبینیەوە , هەموو و هەموویان لەو هۆکارارنەی بوون کە ئارمان خوازی موجاهیدینی دەکرتە ڕاستیکی هاشا هەڵنەگەرو ئارەزوەکانی سەرکوت کراوی ئەو زیندوو دەکرتەوە .

پێشکەوتنی سەرمایەداری و ئەگەر چی لە ڕوانگەی بوونی مادری زەمینەکانی عەینی تەمایولاتی سەرکوت کراوی ئەو هێزە کۆمەلایەتیەی کە موجاهی نوێنەرایەتی ئەو تەمایولاتە سەرکوت کراوەی دەکرد دەبووە هۆی لەناو چوونی , بەڵام گۆڕانکاری بەرە بەرە و هێدی هێدی کۆمەڵگا لە دەرەبەگایەتی بەرەو سەرمایەداری کە بەرهەمی سات و سەودا و سازش لە سەرەوە لە نێوان بورژوازی و ئەشراف دەرەبەگەکان و بە ناوبژیوانی ئیمپریالیزمی جیهانی بوو , دەبوو هۆی زیندوو ڕاگرتنەوەی ئەم تەمایولاتە و لە بەر خێرا بوونەوەی تووندی جیاوازی چینایەتی ناو کۆمەڵگا و لە ئاکامدا تەجزیەی وردە بورژوازی دەگرت , کە موجاهید بەیانی سمبولیکی بوونی سیاسی ئەو بە گشتی دا بوو . بەڵام ئەم شتە نەیتوانی ئەوەندی بخاینێ , لە گەڵ پەرەساندنی خەباتی چینایەتی و گەشە کردنی هەرچەند هێدی هێدی ئەو بەڵام حەتمی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی وردە بورژوازیش بە پێ وەزعیەتی گشتی خۆیدا بە ناچار دەبوایە ئارمانخوازی خۆی لە هەر شکل و شیوەیەک و بەیانێک گرێ بدایە بە یەکێک لە چینەکانی ئەسڵی کۆمەڵگا , دا تێپەر بوونی زەمان لە گەڵ ماڵ وێرانی بەشێکی بەرچاو لە توێژەکانی مام ناوەندی و وەرشکستەگی گشتی ئەو کە لە لایکەوە بەرە لە ناو چوون دەرۆشت و لە لایکی دیکەوە لە لایەن بەرهەم هێنانی سەرمایەداری سەر لە نۆی بەرهەم دەهات , دژایەتی ناوخۆیی ئەم هێزە کۆمەلایەتیەی تێک دەشکاند و تەمایولات و بیرو بۆچوونی بە تەواوی جیاوازی لە ناو ئەودا پەروەردە دەکرد و پێکهاتی سەرەتایی ئەم تێک دەدا و بە پێ ڕەوتی پێشکەوتنی ئاوا گۆڕانکاریەک موجاهیدی خەڵکیش بە ناچار بەلای هەڵبژاردن دەبرد و لە ڕاستی دا ئەوەندەی کە پەرەساندنی گۆارنکاریەکانی کۆمەڵایەتی – ئابووری و جیاوازی چینایەتی بەر چاوی کومەڵگا ....

**پاشماوە لە لاپەرەی٩**

# تەرانەکەم بۆ چیاکان
# بە یادی ئەحمەد کایا



ئەحمەد کایا (ترانە سەرا ، گورانیبێژ ، ئاهەنگ ساز ، ساز ژەن ) لە ساڵی ١٩٧٥ی زائینی لە شاری مالاتیای وڵاتی تورکیا لە دایک بوو . لە بنەماڵەیکی کوردی شەش کەسی . باوکی ئەو کرێچکاری کارخانە ڕەستن و چنین بوو . پاش چەند ساڵ بۆ باشتر کردنی وەزعی بژیویان چوونە ئەستانبوڵ و لە گەڕەکی هەژار نشینی کوجا مستەفا پاشا جێگیر بوون . کایا لە دەورانی مندالی دا عاشقی باقلاما ( تەنبور ) بوو و زەوقی شاعیری هەبوو . یەکەم شیعرەکانی ئەو کە لە تەمەنی ٥ سالاندا و لە یادی برای گەورەتری بە ناو یاشار وتویەتی ئەمانەن :ماشینێکی فولوکس دەکڕم و ناوی یاشاری لە سەر دادەنەم .

ڕۆژێک باوکی کایا لە ڕۆژی لە دایک بوونی ئەحمەد باقلاماێک بۆی کڕی کە پولەکەی بە چەند ڕۆژ ئیزافە کاری دەرهێنا بوو . کایا لە تەمەنی ٩ سالاندا یەکەم بەرنامەی تەکنەوازی باقلامای خۆی لە ڕۆژی جیهانی کرێکار ئیجرا کرد . باوکی کایا لە ئەستانبوڵ بووە کرێکاری شوشتنی ماشینەکان لە پیشانگای ماشینەکان . ئەحمەد لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە بۆ ماڵەوە بە دیتنی وەزعی باوکی بە خۆی دەوەت کاتێک گەورە بووم خۆم پیشانگای ماشین دەکەمەوە و باوکم دەکەمە سەرووەری خۆی نەک نەوکەری کەسێکی تر . بەلام ئەمە تەنیا خەونێک بۆ لە بەر ئەوەی کە باوکی بە مردنی خۆی کیوێک لە دەرد و مەینەت بۆ ئەوانەی بە جێ هیشت .کایا لە تەمەنی ١٤ سالاندا لە ژێر تەعسیری جەوی سیاسی ئەو کاتەی تورکیا و بە دوای کودیتای نیزامی کەنعان ئەورن یەکەم شیعری ڕەسمی خۆی خوێند . لە هەمان کاتدا هێندێک کاری وەک ڕانندەگی کامیون و فرۆشندەگی و . . . تەجرووبە کرد . یەکەم ئالبوومی ئەو بە ناوی گریە مەکە بچکولە زەبت و بلاو کردەوە ، ئەم ئالبوومە زوو بە زوو لە لایەن حکومەتەوە تەوقیف و ک کرایەوە بەلام پاش سکالای ئەحمەد کایا لە دادگاوە بریاری بلاو کردنی ئالبوومەکە لە لایەن دادگا درا و لە لای خەلکەوە زۆر پیشوازیی لیّ کرا و ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە کایا لە ڕێگای کە هەلی بژاردوە سوورتر بێت . لەو کاتەوە بە دوا ئەحمە کایا بووە دەنگی بەرزی خەلکی هەژار و بن دەستی تورکیا و بە تایبەت کوردی پێ مالکراو . ئاوازی ئەو بووە چەکێک بۆ خەبات بە دژی ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و ستەمی سەرمایەداری و هەروەها ستەمی نەتەوایەتی بە دژی نەتەوەی کورد لە ولاتی تورکیا و لە سەرەوەتری ئەو بە دژی سوڵتەی ئیمپریالیستی . بۆیە بارەها کەوتە زیندان و ئالبوومەکانی تەوقیف کرا و کونسیرتەکانی کەنسێڵ کرا لە بەر ئەوەی حکومەتی فاشیستی تورگیا تەحمولی ئەوی نەدەکرد . کونسێرتەکانی کایا لە سەرانسەری ولاتی تورکیا پێشوایی زۆری لە لایەن خەلکەوە لیّ دەکرا و هەمیشە بە پێی پەتیەوە دەچووە سەر سێن و قامکەکانی بە نیشانەی سەرکەوتن بەرز دەکردەوە . سەبکەکانی ئەو بریتی بوون لە ڕەپ و ڕاک و موسیقی مەحەلی و سونەتی واتە فۆلکلور کە لە ئیجرای هەموویاندا سەرکەوتوو بوو . شیعرەکانی زۆر شاعیر و تەرانەسەرای گەورەی تورک زمانی وەک نازم حیکمەت و

ئورهان وەلی ، ئەحمەد عاریف ، ئەنوەر گوکجە ،حەسەن حوسێنی گیل ، نەواز چلیک ، ئاتیلا ئیلهان ، ئولکو تامیر ، یوسف هایاڵ ئوغلو ، جان یوجل ، عەلی چینار ، ئورهان ئکوتان و هاوسەری وەفاداری خۆی گلتن هایاڵ ئوغلوی کردە گورانی و . ئەمانە سەرەرای ئەوەی بوو کە شیعرەکانی خۆیشی لە ئاستێکی بەرز بەرخوردار بوو .ئاڵبوومەکانی لە ریزی پڕ فرۆشترین ئاڵبوومەکانی ساڵ بوو . تا ئەوەی کە ئاڵبوومی چواردەهەمی ئەو بە ناوی ( تەرانەکەم بۆ چیاکان ) بە فرۆشی ٥/١ کاسێت بووە پڕ فرۆشترین کاسێتی سەدەدا .هەر تەرانێکی ئەو جار و جەنجاڵێک دروست دەکرد تا ئەوەی کە خۆدی کایا وتی ناونیشانی دووهەمی من ئیدارەی ئەمنیت و میللی تورکیایە و هەموو کات گاڵتەی بە سیستەمی پولیسی و ئەمنی تورکیا دەکرد . سەرەڕای زەختی لە ڕادە بە دەری پولیسی بە سەر کایا ئەو توانی پتر لە ١٦ ئاڵبووم بە ناوەکانی :
ڕادەپەرم ، ناوی نهێنی بەختیار ، تووشی دەرد سەر بووم ، تەرانەی بەرەبەیان ، دیواری عشق ، دیموکراتی ماندوو ، کاتێک دەگات ، تەرانەکەم بۆ چیاکان ، دەست مەدە ئاگر دەگری ، ڕووبەڕووی دۆست و دوژمن ، دەرکم کە و . . . ی بڵاو کردوەوە و بۆ زۆر گورانیبێژیش تەرانەی دروست دەکرد . حکومەتی تورکیا لە بەر خۆشەویستی کایا لە لای خەڵکەوە مەجبوور کرا بوونی ئەو قبووڵ بکات و تەحموڵی بکات . لە زۆر وڵاتی جیهاندا کونسێرتی بەرگوزار کرد و خەڵاتی بردەوە . لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئاڵبوومی ئەو بە ناوی ڕووبەڕوویی دۆست و دوژمن ، تەرانەیێک بە ناوی ( GIDERIM ) یان دەچم غەوغایێک لە تورکیا وەری خست . بۆیە لە مەراسیمی دانی خەڵاتەکانی باشترینەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەحمەد کایا بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەعوەت کرا .
مەراسیمەکە ئاسایی بەرەوپێش دەچوو تا ئەو کاتەی نورەی ئەحمەد کایا گەیشت . کایا پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە ئەم قسانەی بە دەنگی بەرز لە سالوونەکە هاوار کرد : من تەرانەیێکی کوردی بە ناوی کاروان لە ئاڵبوومی تازەم خوێندووم لە بەر ئەوەی کە گورانیبێژێکی کوردم . دڵنیام زۆر کومپانیا حەز دەکەن ئەلاڵبوومەکەم بڵاو بکەنەوە ! دەبێ بڵێم تورکیا مەسەلەی کوردستانی هەیە و من لە وتنی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوانەی کە حەقیقەت و راستی رەت دەکەنەوە و حاشای لێ دەکەن ماندوو نابم . پاش کایا سەردار ئەرتاج کە بۆ وەرگرتنی پەپوولەی زێرین حازر بوو بۆ هەڵویست وەرگرتن لە بەرانبەر قسەکانی کایا شیعرێک لە ستایشی کەماڵ ئاتاتورک خوێندەوە و پاشان مارشی نیزامی دەوڵەتی تورکیای خوێندەوە . و بەم کارەی جەوی ساڵونەکە بە دژی کایا خۆش کردەوە . ئەوانەی کە لەوێدا حازر بوون هێرشیان بردە سەر کایا و پێیان دەوت خائین . تەنها دۆستانی کایا لەم ڕووداوەدا هاوسەرەکەی و ووشەی ئازادی بوون و بەس . رۆژنامەکانی تورکیا لە ژێر تەعسیری جەوی فاشیستی حاکیمدا تومەتی بێ شەرفیان دایە کایا . دادگای ئەمنیەتی میللی تورکیا لە ساعەتی ٤ی بەرەبەیان لە ژێر بارانی توند دا کایایان بازداشت کرد و وکیلەکانی کایا توانیان بە وەسیقە ئەو ئازاد بکەن دەبوایە ئەحمەد کایا لە ٣٠ ئاوریلی ١٩٩٩ لە دادگای ئەمنیەت حازر بوایە و لەوێدا وەڵامی ئیتهامەکانی بدایە ئەمە تەنیا دەسیسەیێک بوو بۆ زیندانی کردنی کایا و خەفە کردنی دەنگی ئەو . ئیتهامەکانی کایا بریتی بوون لە : وەرێ خستنی کونسێرتێک لە وڵاتی ئاڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٣ بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە pkk !!!
خوێندنی تەرانەی کوردی !!!
بەرز کردنی قامکەکانی بە نیشانەی سەرکەوتن و . . .
جەلەسەی دادگا ڕاستەوخۆ لە تورکیاوە بڵاو دەکرا ، بەشێک لە قسەکانی ئەو لە دادگای تورکیا بەم شێوەیەیە :
تیغی چەقۆ لە سەر ملی منە ! کەسێک کە بۆ خەڵک شەڕ دەکات . ئەم قسانەم لە بیر بمینێتەوە . . . لە ساڵی ١٩٨٥ دا موسیقی دانێکی حیرفەیی بووم . ئیزدەواجم کردووە و دوو کچی ١٧ و ١٢

## من موسیقی دانێکی شاروەندی جیهانم و خۆم بەربەست ناکەمە هیچ سنوورێك!

سالأنم هەیە . سەدان تەرانەم دروست کردووە و بۆ زۆر لە گورانیبیژەکانیش ئاهەنگم دروست کردووە . خاوەن هەفدە ئالبوومم کە میلونەها دانە لەوان بلاو کراوەتەوە و فرۆشراوە . کونسیرتی زۆرم لە سەرانسەری جیهان ( ئالمانیا ، فەرانسە ، بلژیک و کوبا و . . . ) بەرێوە بردووە و زۆر جار وەک گورانیبیژی تەراز یەکەم ناسراوم و هەلمیان بژاردوون . ٤٢ ساڵ تەمەنمە و دانیشتووی تورکیام . بە تورکی بیرم کردووە بە تورکی نووسیوم .

من موسیقی دانێکی شاروەندی جیهانم و خۆم بەربەست ناکەمە هیچ سنووریکی جوغرافیایی و هەمیشە رووی قسەی من هەستەکانی نەوعی مرۆڤە نەک گروپ یان عەشیرەت و یان قەبیلەیکی تایبت و دیاریکراو . دڵی من ئەوەندە گەورەیە کە باشیەکانی هەموو زمان و فەرهەنگ و باوەر و تەرانەکانی جیهان لە خوێدا جیگا بدات . تومەتی خیانەت لە من دراوە کە بە تەواوەتی ژیانی منی ژێر و روو کردووتەوە . بە من دەڵن جیایی خواز ، نەوکەریکی ئالقە لە گوێ و بێ ئەدەب و بێ عەقڵ و شێت و دەڵقەکیکی مەسخەرە . ئەم شتانە کەسانێک بە منیان وتووە کە بۆ هەمووان ناسراون . شێوەی تێروانین و قسەی مرۆڤێک کە ئەساسی هەموو ئەم توومەتانەیە لە هیچ ولاتێکی خاوەن تەمەدون و شارستانیەت و قانونمەندی جنایەت و ئیتهام بە حساب نایەێت . من لە ئالبوومی تازەمدا گۆرانیێکی کوردیم خوێند تەنیا بەم دەلیلە سادەیە کە مرۆڤێکی کوردم . ئایا ئەو کەسانەی کە منیان خائین و جیایی خواز و دوژمن ناو برووە و جەوەکە بە دژی من ساز دەکەن و دەبنە هۆی جیاوازی چینایەتی و نەژادی لە کەمینەدا نین ؟ ئەو میلونەها کەسەی کە گوێ دەدەنە قسەکانی من لە خەڵکدا نین ؟ فیکر بکەن کە من دەموت تەرانەیک بە زمانی ئیتالیایی ، عەرەبی و یان ئینگلیزی دەخوێنم ، ئایا ئەو جارەیان ئاوا هەرا و هوریایک وەرێ دەخرا ؟ من ئەم ولاتەی کە لەوێدا منیان خائین ناو دەبەن بە جێ دێڵم ، ئەم دادگایە هەموو قانوونەکانی نێودەولەتی پێشێل کردووە و دەلیل و مەنتق و قەزاوەتی لە بەرچاو نەگرتووە . کایا چەند رۆژ پاش دادگایی کردن بۆ ئەنجام دانی کونسێرتێک دەچێتە ولاتی فەرانسە و چیتر ناگەرێتەوە بۆ تورکیا و دادگایش بریاری ١٠ ساڵ زیندانی بۆ دەدات . لە ١٦ نوامبەری ١٩٩٩ جنازەی کایایان لە هوتیلێک لە پاریس دەدۆزنەوە و هۆی مردنی راوەستانی دڵ راگەیاندرا و بە هۆی نارەزایی هاوسەرەکی بۆ گەرانەوەی جنازەکەی بۆ ولاتی تورکیا بەم دەلیلەی کە خاکی تورکیا شایستەی پەزیرایی کردن لەم هونەرمەندە نیە لە گۆرستانی بەناوبانگی پرلاشز ناشتیان .

**رووی قسەی من هەستەکانی نەوعی مرۆڤە نەك گروپ یان عەشیرەت و یان قەبیلەیکی تاییت و دیاریکراو .**

**یادی بەرز و بەرێز بێت**

## بەرز و بەرێز بێت یادی سالرۆژی پێك هێنانی کۆمۆنی پاریس

« ئەگەر کۆمۆن سەرکوت بکرێ.لەم حاڵەدا خەباتی کینەیی دەگوازرێتەوە بۆ کاتێکیتر . ئۆسوڵەکانی کۆمۆن هەتا هەتائیە و زیندون و سەرکوت ناکرێن. ئەوان بە شێوەیەکی بەردەوام خۆیان بەرەو پێش دەبەن , تا ئەو کاتەی کە چینی کرێکار رزگار بێت.»

( کارل مارکس )

یەکەمین حکومەتی کرێکاری جیهان لە پەروەردەکانی پتەوی ئەو و لە خەباتی بێ وچانی چینی کرێکار دژی سیستەمی رزیوی سەرمایەداری زیندووە



ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ،

و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :

**www.fedayi.org**

**webmaster@fedayi.org**

**Kurdistan@fedayi.org**

## GURURLA BAKIYORUM DÜNYA'YA

Birer birer, biner biner ölürüz
Yana yana, döne döne geliriz
Biz dostu'da düşmanıda bilriz
Vurulup düşenler darda kalmasın
Çünkü isyan bayrağıdır böğrüme saplanan sancı
Çünkü harcımı öfkeyle, imanla karıyorum
Ve kederin
Ve solgun yüzlü işçilerin üzerine
Dağ başlarının hırçınlığı savruluyor benden
Çünkü beni ateşiyle dimdik tutan kin
Çünkü benim gözbebeklerimde tutuşan şafak
Miting afişleri cesur pankartlar
Ve binlerce militan
Derin denizlerin aydınlığı
Zorlu sabahlar
Gökyüzü ve lale
Sıkılmış bir yumruk gibi giriyoruz hayata
Çünkü ben sevdigim kızı
Yaşamak gibi halkım gibi sevdiğim kızı ki şiirini yazamayan
Ve türküsünü söyleyemeyen halkım gibi
Binlerce ve binlerce kurşunlanan halkım gibi
Zincire vurulan
Şavaşlara yollanan
Vergilere bağlanan halkım gibi
Felç olmuş yalnızlıklara bırakarak
Büyük acıların ve göz yaşlarının içine bırakarak
Şiirlerimin bir bıçak gibi ışıldadığı
Devrim türkülerini
Ve baş kaldırmayı öğreten dudaklarını
Bir kere olsun öpmeden
Bir kere olsun tutamadan kaygısızca
Serin bir yaz gecesi gibi ürperen ellerini
Hatta boynunu ve ayak bileklerini
Bilemeden , Bilemeden, Bilemeden
Vurdum yüreğimi şanlı kavgaya
Barışın ve özgürlügün dağlarına yürüyorum işte
Yiğitsen uslandır beni
Ey yasakların, kahpeliğin
Ve soygunların koruyucusu
Türkü çağıran kızlarımı sustur
Ve kahraman oğullarımı mezar kaza kaza kederli, kızgın
Tohum serpe serpe hünerli
Ve sömürüle sömürüle bomboş
Ve açlığın ve zulmün izlerini
Derin uçurumlarında taşıyan ellerimi
Naçaklara ve tırpanlara sarılan ellerimi
Mavzerlere sarılan ellerimi
Zincirlere vur gücün yeterse
Ama adına yaşamak dersen
Re-zil-ce
Çatlayan tomurcuğun
Doğan çocugunü çığlığını duymadan
Gül benizli sevgilinin
Titreyen gögüslerini öpmeden doyasıya
Korka korka, yana yana
Hergün biraz daha derinden
Hergün biraz daha kapkara duyarak ölümü
Aç ve arkasız
Köpekleşerek yaşamak dersen
Bu yürek
Çat diye çatlasın be
Kirsiz passız
Arı duru özümüz
Namussuza kanlı hançer sözümüz
Çok uzaktır dostlar bizim yolumuz
Durana yürüyene bin selam olsun.
Gel gelelim parlayan güneşi
Emekçi kalkların
Kahraman halkların güneşini
Şehvetle içine dolduran toprak
Şimdi sımsıcak şimdi ulaşılmaz
Şimdi olgun meyvalarla dolu
Bahar bahçelerini sarmaktadır dünyaya
Ve gülbenizli sevgilinin dudaklarında hayat
Bizi aşka ve kavgaya çağırmaktadır
Bıçak kemiğe dayandığı
Ok yaydan fırladığı için degil
Bu bezirgan saltanatı
Bu zulüm bitsin diye
Ağaran günler için
Yeni bir dünya uğruna
Yüzlerinde cesaretin onuru
Ve imanlı gücü döğüşen dünyanın
Ve ölüme
Gülerek koşan genç savaşçıların
Albayrakları dalgalansın
Dalgalansın, dalgalansın
Kinle boğuşan yorgun yüregi
Aydınlansın diye anamın
Dişleri sökülmüş kederli ağzı
Ağlamaya hazır gözleri
Safrası, ve sonsuz dağları eriten sabrı
Merhameti
Yani bir bütün halinde insanlığımız
Yunsun arısın diye durgun pınarlarda
Alınterinin namusu kurtulsun diye
Kurtulsun diye sıcak somun
Acı soğan ve çiçekli basmalar
Ahdettik, vefaettik
Kelle koyduk
Ölen ölür dostlar
Düşmanlar heyy
Kalan sağlar…

Söz: Orhan Kotan

**بڕووخێ ڕێژ یـمی کۆماری ئیسلامی, دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !**